سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی کرد لە بەشداریکردنی کەمپانیا سعودییەکان لە بازاڕی عێراقدا دەکاتەوە

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی پێشوازی لە بەشداریکردنی کەمپانیا سعودییەکان لە بازاڕی عێراقدا دەکاتەوە .

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە:- سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پێشوازی لە وەزیری وزەی سعودیە شازادە عەبدولعەزیز بن سەلمان ئال سعود و شاندەکەی یاوەری کرد.

لە ڕاگەیندراوەکە ئەوەی هاتووە کە "لە دیدارەکەدا، ئاسەی هەماهەنگی نێوان عێراق و شانشینی سعودیە لە بوارە جیاجیاکاندا تاوتوێ کرا و جەختکرایەوە لەسەر فراوانکردنی هاوبەشییە ئابووریەکانی نێوان هەردوو وڵات".

بەپێی ڕاگەیندراوەکە "سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی کرد لە بەشداریکردنی کەمپانیا سعودییەکان لە بازاڕی عێراقدا کە ئەمڕۆ چەندین دەرفەتی وەبەرهێنانی گەورەی تێدایە " هەروەها "ئاماژەی بە

ئاستی پشکۆتووی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا کرد، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخان لە کەرتی وزەدا".

لە کۆبوونەوەکە سودانی" ئاماژەی بە گرنگی هەماهەنگی کرد لە هەوڵەکان و نزیکبوونەوەی تەوانینەکان سەبارەت بە ڕەکخستنی بازاڕی وزە و نرخی نەوت لەژێر چەتری ئۆپیکدا بە دەنیابوون لە پاراستنی سەقامگیری بازاڕەکانی وزە لە ناوچەکە و جیهاندا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر".

هەروەها لە لای خۆیەوە، "وەزیری وزەی سعودیە سەاوی خزمەتکاری هەردوو مزگەوتی پیرۆز شا سەلمان بن عەبدولعەزیز و شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمانی گەیاندە بەڕێزیان و جەختی لە خواستی وڵاتەکەی کردەوە بە بەردەوامبوون لە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی هاوبەشی و هەماهەنگی دوو قۆڵی لە بوارە جیاوازەکاندا".